# تەنهالەکاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکانداجەماوەری خەڵکی کوردستان تان بەبیردێتەوە .



تائەوکاتەی مەترسیەکانی لەدەست چونی دەسەڵات بەردەمی دەرگاتان پێ نەگرێت ، تائەوکاتەی نەکەونە بەردەم دوو ڕیانێکی هات ونەهات ، تاڕۆژانی خەباتی سەخت وچارەنوس سازویەکلاکەرەوە ، هێزی جەماوەری بەرفراوانی خەڵکی کوردستان تان بە بەبیر ناکەوێتە ، تائەوکاتەی پێتان کراوپێتان خورا بۆیەك ساتەوەختیش ئاوڕێکتان لەمەیەنەتەکانی خەڵکی کوردستان نەداوەتەوە ، خەڵکی کوردستان لەهەمو ڕۆژانی سەختی خەبات وتێکۆشانی شاخ وشارلەگەڵتان بوە ، لەسەردەمی خەباتی شاخداولەڕۆژانی تەنگانەدا جوتیارەهەژارەکانی لادێکانی کوردستان سەرچاوەی هێزوتوانایی لوژستـــیتان بون ولەکاتی ڕوبەڕوبونەوەلەگەڵ دوژمنداهاوسەنگەرتان بوون ، ماڵەکانیان لەکاتی لێ قەوماندا پەناگاومنـزڵگای حەسانەوەتان بون ، لەسەرسفرەوخوانی ئەوان ئێنێرژی ئیدامەی ژیانی ڕۆژانەتان وەرئەگرت ، لەسەردەمی ڕاپەڕین وخەباتی شاریشدا ئەوەلافاوی تورەیی وهێرش وهەڵمەتی جەماوەری بەرفراوانی خەڵکی شارەکان بولەبەهاری ساڵی1991داهێزودەسەلاتی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی لەکوردستان ڕاماڵی ، لەپرۆسەی سیاسی ئەم سەردەمەشدا هەرخەڵکی کوردستان بو شەرعیەتی پارلەمان ودەسەلاتی کورسی حوکمی پێدان .

ئەوەئێوەبون ڕێزتان لەدەنگی خەڵکی کوردستان نەگرت وشەڕی ناوخۆتان بەرپاکردوهەرسوربون لەسەربەرژەوەندی شەخسی وحیزبی خۆتان ، هەرئێوەبون بێ ئیحترامی تان بەپارلەمان وحکومەتی خۆتان کردوباڵاخانەی پارلەمانتان کردەمەتەرێزوسەنگەری شەڕی ناخۆ ، خەڵکی کوردستان هەموئەمانەی لەبیرنەچۆتەوە ، لەهەڵبژاردنەکانی ئەمجارەشداکەخەڵکی کوردستان پشتی گرتن ودەنگی پێدانەوە بۆئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق ، خەڵکی کوردستان مەینەتەکانی ڕابوردوی خۆی لەدەست ڕژێمەدیکتاتۆرەیەك لەدوای یەکەکانی عێراقیشی لەبیرنەچۆتەوە و ئەمجارە مەترسی گەڕانەوەی دەسەلاتی داگیرکەرانەی نەتەوەی بالادەست لەڕێگای حیلەشەرعی دیموکراسی یانەوە بەردەمی هەمومالێکی خەڵکی کوردستانی گرتوەو زەنگێکی ناسیۆنالیستی یانەی مەترسیدارەلەبن گوێی هەموکوردێکدا .

سەرکەوتنەکانی لیستی کوردی لەهەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا ، مەست وخۆش خەیاڵتان نەکات وپێتان وانەبێت سەرکەوتنی یەکجاریتان بەدەست هێناوەولەم پرۆسەیەداهیچ کەندوکۆسپێکتان لەبەردەمدانەماوەبۆڕزگاری کوردستان وگەیشتن بەدەسەلات ، هێشتا ئێوەلەهەنگاوی یەکەمتاندان لەم گەمەسیاسی یەداوئەم سەرکەوتنەتان کورت ماوەیەو ئەم خەباتەدورودرێژەوبێ کۆتایی یە ، لەکۆتایی ئەمساڵدادیسانەوە هەڵبژاردن وتاقی کردنەوەیەکی ترتان لەبەردەمدایە ، بەبڕوای من هەڵبژاردنی ئەمجارەزۆرجیاوازئەبێت لەگەڵ ئەم هەڵبژاردنەی ئێستا ، لەهەڵبژادنەکانی ڕابوردودا نزیك بەشەش ملیۆن لە خەڵکی عێراق بەشداری تێدانەکردبوکە 42%خەڵکی عێراق ئەکات ، بۆهەڵبژرادنی ئەمجارە هەموئەوحیزب ولایەن وتیرەوتائیفانەی کەلەهەڵبژاردنەکانی ڕابوردودا بەشداریان نەکردبو بۆپرۆسەی سیاسی وهەڵبژاردنەکانی ئەمجارە خۆیان کۆئەکەنەوەو بەهەموتونایانەوەبەشداریتێدائەکەن .

ئەوهێزولایەنانەش کەلەهەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدابەشداریان نەکردوە ونەیان توانی پێش لەم پرۆسە سیاسی یە بگرن ، ئێستابۆئەوەی قەرەبوی زەرەروزیانەسیاسی یەکانیان بکەنەوە لەئایندەی عێراقداخەریکی خۆکۆکردنەوەن بۆئەوەی بەهێزێکی زۆرەوەبەشداری لەنوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراقدابکەن بەمەبەستی گۆڕینی موعادەلاتی سیاسی وهاوسەنگی هێز وماف وبەرژەوەندیەکانی داهاتو یان لەم پرۆژەیەدابچەسپێنن ومسوەگەربکەن ،لەم کاتەداولەکاتی نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیدا ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق مەیدانێکی گەرموگوڕی ململانەی سیاسی وقۆناغێکی یەکلاکەرەوەوچارەنوس سازدەبێت و لیستی کوردی بەتەنهاڕوبەڕوی ڕەقیبەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن نابنتەوە بەڵکو هێزی ناسیۆنالیستی عەرەبی بەئۆپۆزسیۆن ودەسەلاتدارەوەوبەجیاوازی مەزهەبیانەوە سەبارەت بەپاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق وبەستنەوەی ئەم ولاتە لەڕوی ئینتیمای قەومیەوە بەنیشتیمانی عەرەبی یەك هەڵوێست ئەبن لەبەرئەوەی چارەنوس وستراتیژیان بەستراوەتەوەبەیەکەوە ، بۆیەهەرخۆش خەیاڵی یەکی لیستی کوردی سەبارەت بەکەڵك وەرگرتن لەهەبونی کێشەی مەزهەبی نێوان باڵەجیاجیاکانی ناسیۆنالیستی عەرەبی و هاوپەیمانەتی ستراتیژی هەڵەیەکی گەورەیەو لەدواڕۆژدانرخەکەی زۆرگران ئەکەوێت لەسەرچارەنوس وئایندەی سیاسی کوردستان .

لەبەرمبەربەئەم ململانەسیاسیەدا لیستی کوردی ڕێگایەکی تری لەبەردەم دانیەجگەلەبردنە پێشەوەی ئەم پرۆسەیەوڕێکخستنەوەویەکخستنەوەی ڕاستەقینەی ریزەکانی خۆیان وناومالی کوردی ، کوردەکان ئەگەرئەم فرسەتەمێژوویی یەلەئێستادالەدەست بدەن کەهیچ دەوڵەتێك لەعێراقدا وجودی نیە ئیترناتوانن وابەئاسانی لەم

**پرۆسەسیاسی یەدەربچن وڕێگای هەڵگەڕانەوەی چەکدارانەبگرنەبەر ، بۆهۆی هاوکاری حیزبەدەسەڵاتدارەکانی کوردستان لەگەڵ ئەمریکابۆڕوخاندنی ڕژێمی عێراق ، هەموپردەکانی پشت خۆیانەوە ڕوخاندوە ، بەهۆی ئەم هاوکاریەوە دۆستایەتی ئێران وتورکیان وسوریا و سەرجەم وڵاتانی عەرەبی لەدەست داوە ، تەنانەت لەناوخۆی عێراقیشداجگەلەخەڵکی کوردستان هیچ کەسێکی ترلەم هاوکاریەی ئەمریکا ڕازی نیەوبەخیانەتیشی لەقەڵەم ئەدەن .**

**دۆستایەتی ئەمریکاش بۆکورد ڕوناکیەکی ئەوتۆی تێدانابیندرێت ، ئەمریکابەدوای بەرژەوەندیەکانی خۆیدائەگەڕێت لەم ناوچەیەدا ، بەرژەوەندیەکانی ئەمریکابەهۆی نارەزایەتی زوربەی هەرەزۆری خەڵکی عێراق لەبەرامبەردابەش کردنی ئەم وڵاتەبەناچاری لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدایەك ئەگرێتەوە ولەم هاوکێشەیەدائەمریکالایەنی هێزی سەرکەوتوئەگرێت وهەروەك لەڕاگەیادنەئاشکراکانیدانیشانی ئەدات مەسەلەی کوردبەکێشەیەکی ناوخۆی عێراق ئەزانێت وئەمریکا لەم ململانەسیاسی یەداگرەولەسەرئەسپێکی دۆڕاوناکات .**

**لەم پرۆسەسیاسی یەدالیستی کوردی ئەتوانێت کەڵك لەخاڵە پۆزەتیفەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق وەربگرێت کەسەنگ وقوورسایی سیاسی خەڵکی کوردستانی نیشاندالەسەرتاسەری دنیا وەك خاڵێکی بەهێزلەبەرامبەر ڕەقیبەکانیدا ، ئەویش بەوەدەبێت کەئەم دەست کەوتانەبپارێزێت وفراوان تر بکات لەکوردستاندا .**

**بۆئەم مەبەستەش پێویستە پارتی ویەکێتی هەرچی زوتروبەبێ دواخستن هەردوئیدارەکانیان بەتەواوی یەك بخەنەوە ولە پێش هەموشتێکەوەدادگاکان ودارایی وهێزی پێشمەرگەوئاسایشی ناوخۆبکەنەوەبەیەك ، هەروەهاکاربۆئەوەبکەن کەلە هەڵبژادنەکانی داهاتوی عێراقداهەڵبژاردنێکی ئازادانەو ڕاستەقینەبۆپارلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێت وئەنجامەکانیشی قبوڵ بکەن ودەست لەتەوافق و فیفتی فیفتی هەڵبگرن بۆئەوەی ئەمنیەت وئاسایش ودەوڵەت ویاساجێگای هەواوئارەزوویی حیزبایەتی وشەخسی بگرێتەوە .**

**ئەبوبکر ئەحمەد سلێمان**
**هۆڵندا** 2005-2-23